# بانگبێژەکەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- قامەت کردنی دوادەخست؛ هەتاوەکو ئەگەر پێغەمبەری خودای ببینیایە -صلى الله عليه وسلم- دەردەچێت (بەرەو مزگەوت)؛ قامەتی دەکرد بۆ نوێژکردن کاتێک دەیبینی

لە جابری کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «بانگبێژەکەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- قامەت کردنی دوادەخست؛ هەتاوەکو ئەگەر پێغەمبەری خودای ببینیایە -صلى الله عليه وسلم- دەردەچێت (بەرەو مزگەوت)؛ قامەتی دەکرد بۆ نوێژکردن کاتێک دەیبینی».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەو کەسەی کاتی قامەت کردن دیاری دەکات ئیمامەکەیە -پێشنوێژەکەیە-؛ چونکە هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە بانگبێژ قامەتی نەدەکرد هەتاوەکو پێغەمبەری دەیبینی -صلى الله عليه وسلم- بەرەو نێو مزگەوت دەهات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10632